# دەس خۆش تەها هەڵەدنی

سیروان ئەمین

15.04.2005

برادەرێک بەناوی پشتیوان عابد ژاڵە ناو ی لە سایتی دەربەندیخانەوە لە پەیوەند بە کێشەی مزگەوتەکەی دەربەندیخانەوە وە لەوەلامی کاک تەها هەڵەدنی دا دەیەوێ سوکایەتی بە سەرجەم ئەو کەسانە بکات کە لەدەرەوەی ولآتن ئەو پێی وایە کە ئەو کەسانەی لە دەرەوەی ولآتن هەموو خزمەت بە خەڵکی کوردستان ناکەن و بۆ گەشت و گوزار دەچنە ئەوروپا ، کاک عابد لە ولآتێکتدا کە ئاغاکانت کردیان بە گۆڕەپانی تەراتێنی ئیسلامیە تیرۆریستەکان وشەڕی ناوخۆ و گرانی و قات و قڕی خەڵک ناچار بوو کەس و کار و ئازیزانی خۆی بەجێ بێڵێهی ڕوو بکاتە هەندەران هەرچەندە بە بۆچونی من نیشتەجێ بوون لە هەر شوێنێکی ئەم دونیایە مافێکی بی ئەملاو ئەولای ئینسانە ، بالەوە گەڕێین کە ئەم پشتیوان عابدە چی بۆجونێکی دواکەوتوانەی هەیە سەبارەت بە نزیک یەک ملیۆن خەڵکی کوردستان کە ناچاری وای لیکردون ماڵ و حاڵیان جێ هیشتوەو ڕویان کردۆتە هەندەران و لە تاراوگە دەژین .

ئەو دەڵێ گوایە کاک تەها هەڵەدنی ئەم هەلەی قۆستوەتەوە هێرش دەکاتە سەر ئاینی ئیسلام ، بەراستی خەڵکی کوردستان پێویستان بە سەدان کەس وەک عبدوالخالق مەعروف وتەها هەڵەدنی هەیە تا خەڵک لە سایەی مزگەوتەکان دەرکەن و تێکەڵی زانست و زانیاریان بکەن چونکە بەڕاستی مزگەوت و مەزهەب ئەو ئەفیونەن کە کارل مارکس باسیان دەکات و دەبنە هۆی گێژکردنی خەلکی و هەرکەسێ سیاسیانە پەیڕەوی لێ بکات دەبێتە دەعبایەکی خوێن ڕێژو خۆ بەڕاست و هەموو دونیا بە چەوت زان .

هەر لە سەر ئەو کە سێکی تر باس لەو مزگەوتە دەکات و دەڵی مزگەوتیش جێکای زانستە ، خۆزگە ئەو برادەرەش باس ئە زانستەی بۆ دەکردین کە خەڵک لە مزگەوتەکان فێری دەبن بزان ئەو زانستە کیمیایە ، فیزیایە یان کۆمپیوتێر و کارەبا ، ئاخر مزگەوت لە خورافەو دێو جنی و مالیکە و فریشتە و شەیتان کە تەنها لە خەیاڵدا هەیە زیاتر چی تێدایە ، ڕەنگە مەبەستی ئەوە بێت کە پێشتر زانست پەلی نەهاویشتبوە کوردستان و ناچار خەڵک پەنایان دەبردە بەر مزگەوت تا فیری خوێندن و نوسین بن .

خۆ لە شەستەکاندا کە ئینسان پەی بردە بەر ئاسمان و چونە سەرمانگ تەنانەت دەزگاکانیش باسیان کرد بەڵام هەرکەسێ لە بەردەم مەلایەک یان لە مزگەوتێک دا باسی ئەم هەواڵەی بکردایە ئەکسەر بە کافریان لە قەڵەم دەدا ئێستاش کا ناتوانن بەر بە ڕەوتی زانست بگرن دێن دەیانەوێ خۆیان بسازێنن و لێرەو لەوێ ئایەت و حەدیس بە چەمکە عیلمیەکان دەشوبهێنن .

مزگەت ئەو دەسگایەیە کە فتوا بەدژی خەڵکی ئازادی خواز پەخش دەکا و خەڵک گیرۆدەی دوادەخات جەند دوربێت لە خەڵکەوە ئەوەنە باشە کاری مزگەوت بەڕای من هیچ ئیستفادەیەکی نیە تەنها ئەوە نەبێت کە دەیەوێ خەڵکی کوردستان لە کاروانی زانست دابڕێ چونکە چەند خەڵکی وشیار بن ئەوەندەش مەلاو مزگەوت جێگایان لەق دەبێت ..

sirwanlatif@yahoo.co.uk